# بەرەودیاری بابەو دایە

## بۆشەوبۆی ئیلخانیزادە

دەزانی دەمێکە دایە و بابەمان نەدیوە؟
شەوبۆ" ئەرێ تۆش وەک من بیرت کردوون"؟
ئەسرین: هەریەکجار زۆریش. بەتایبەت دەزانم بابە خەمبارە. من زۆر جارخەونی پێوەدەبینم و ماندوو پیرتر دێتەبەرچاوم.

خۆتازەش مامم بەتەسادوفی ئوتۆمبێل لەگەردەنەی "سەرا" لای شارەکەی بابە تێداچوو.
پورە زێنەب جارجاردەگری، دەڵێ بائەمساڵ بەیەکەوە سەفەربکەین، خزمانیش زۆرتردەبینین.

شەوبۆ و ئەسرینی ئاوەڵدوانە دەکەونە خۆ. وردەشت کۆدەکەنەوە بۆباوک و دایکی پێشمەرگە.

ئەسرین"بەڕاست چییان بۆبکڕین؟
خۆماڵتە باوکم سیغاری بێ بەسییە و دایکشم لەوخرابترە".
نا دیاری هەرخۆشە. بۆخۆمان دەچین، خۆ ئەم باوکەی ئێمە فێرە بەجێمان بێڵێ، قەت تێرمان لەدیتنی نەشکا.

دڵێکی پڕ لەخۆشی بەرەو دوو دڵی چاوەڕوان بەپەڵە خۆدەکوتێ وەک گوڵی تازە خەملیو، ئەو باشتر بابە و دایە دەناسێ و هۆی

دووره وڵاتی ئەوانیش دەزانێ. دوای پشکنین پریسکەی پێچراوە کۆڵەکەی هەڵدەگرێ بەرەو وڵاتێکی تەواو ئاشنا، پڕ لەبیرەوەری بەرەو دوو دڵی بەتەوای عومر ماندوو لەرێی تێکۆشان و ئازادی بۆ ژیان و خۆشی هەژاران. دڵێک زۆران لەگەڵ ئەوین دەگرێ و بەرەو دوو دڵی چاوەڕێ و پڕخۆورپە.

شەوبۆ بەڵێو پێدەکەنی بەدڵیش دەڵێ من سەربەرزم. من کچی ژن و پیاوێکم وەک زۆر لەخەڵک بەهیوای قەزاوقەدەر نەژیان و دانەنیشتن، ئەوان عومریان بۆژیانی ئاسایی سەرف نەکرد، ئەو خەڵکەی چاویان قونجاندو لۆکەی لەگوێ خست لەبەرەانبەر زۆری زۆردا. بابە و دایەی من چاویان لەزۆر سوورکردەوە و لێی ڕاسان، دڵ خۆشم ئەمە دەبیستم.

شەوبۆ بەدەم خەیاڵەوە دڵی لەسەرشەپۆلی ئاسمان بازدەدا. لەپەنجەرەی تەنیا هەور لێ دیاری تەیارەوە چاو لەدەرەوە دەکا. چاو لەکاتژمێری دەستی دەکا، "زۆری ماوە".
تۆبڵێی کەی دابەزین؟ کەگەیشتمە دایە و بابە چۆنم باوەش بۆ دەگرنەوە تا من سەرلەسە سنگی دایە دانێم و بڕێک مەکری دڵم لای هەڵڕێژم.

چاو لەسەرچاو دادەنێ بەدەم وەنەوزەوە خۆی لەباوەش باوکیدادەبینی بەیەکەوەن لەناو کونەتەیارەکەی "بۆتێ"دا، لەپەنا چادرەکەی ژێر بەربەڕۆچی "سۆران". کوتوپڕ شەپۆلی ئاسمان ڕایدەچەنێ.

ئاخر شەوبۆش خۆی لەناو چادری هەڵدڕاوو ئۆردگای بەبۆمب کێڵدراوو ژەهراوی کراو گەورە بووە.

چاوێکی ماندوو لەپۆلێک هەوری ڕووبەڕووی دەڕوانێ و دەڵی" خۆ من ناچم بۆوڵاتێکی غەریب، لەکەسیش ناپرسم، ئاو و خاک و منداڵ و ڕەنگ و بۆنی لەخۆمە. منیش لەوێ لەداوێنی دایکم کەوتمە سەرباوەشی خاکی هاوزمانەکان، لای هاوتەمەنەکانی لە ئاوایی "عیلماوا"ی "بۆکان"م دەزان ئێستا زۆریان لەوێن، لەوانەیە هی لای "بەرپلەی ساڕاڵ" و "چەمشار"یشی لێی بن. خۆ من لەوێش مەمکی دایەم مژیوە! جائیدی بەدەپرسم. ئەوان دەزانن من بێگانە نیم، غەریبەش نیم. ئەوان لەگەڵ بابە و دایە بۆ ژیانی ئازاد لای یەک کۆبوونەوە. منیش وەک ئەوان لە دێیەکی کوردستان لەدایک بووم، وەک ئەوان لەتەمەنی منداڵیدا لەژێر بۆمباران بووم. وەک ئەوان لەکۆنە تەیارەدا لەباوەشی باوکم و دایکم و هاوڕێیان لەبەر سەرماو گەرمای "مالومە" دا بووم. منیش هەردبێ ڕێگای ئازادی بۆ کچ و کوڕانی وەڵاتەکەم بگرمە بەر و بچمە ڕیزی کچانی وڵاتەکەمەوە و لەگەڵیان وەدەنگ بێم. دڵم خۆشە کچی ئەوانم، سەربەرزم وا ئەوان دیاری ڕیزی خەباتی ژیانن بشمرم سەربەرزم.

ئاخر ئەمە تامی تفتی کۆمەڵگای منە وا هێشتاش لووتی ژن دەبڕن، مافیان زەوت کراوە؟!

کاتژمێر چک چک بەهەناسەبڕکێ دەڕوا و ڕێگای خۆی دەبڕێت، ئەو دەگاتە سەردەستەی خۆی، پێ لەسەرچرکەی دووبارە دادەنێ

و پشوودێنێتەوە بەر. من تازە پێ لەسەر زەوی دادەنێم و بەرەو سەردەستەی خۆم دەڕۆم و هەناسە بڕکێمە.

بەپەلەم و تین دەدەمە ئەژنۆکەم لەپڕ هەڵەنگوتم، بەخۆم نازانم چرکەی دڵم توندتردەبێ لەخۆشی بابە و دایە بەخۆی ناگرم. کاتژمێر دەڕا جێم دیڵێ و ئاوڕ ناداتەوە تادەستم بگرێ و دەست بەسەرفوارەی خوێنمدابگرێ!

هاوار دەکا کەس ئاوڕ ناداتەوە! هەموان وەک کاتژمێر هەردەڕۆن. سۆمای لێڵی چاوەکان و لێوێکی وشک هیلاک و زمان داخراو دایە و بابە دەبینێ،بەبەزەی جاران باوەشیان بۆدەگرێتەوە، بەچاو دەڵێ ئەوە گەیشتم بۆسەردانی هەتاهەتایە هاتوومەوە. بۆکوردستان هاتوومەوە دیاری "بەیان" و ئاسۆ" و گوڵێی" و منداڵەکانی "کەریم نەزەری" و "مامبرایم قۆزلوێ" سەعیدقام" "دوکتوردەروێش"، "محەمەدمامەڵ"م، پێیە بۆگوردانی شوان و کاک سدیقکەمانگەر و دوکتورجەعفەر.

هاتوومەوە بۆنتان پێوەکەم، هەرچی هەیە لەدڵمدا کۆی کەمەوە لەگەڵ خوێنم تیکەڵی کەم کە" شۆکی خێرابادی" و "سوسەن"م دی بۆنی ئێوەم لێبێ و بم ناسنەوە. وەرن بادەستە گەرمەکانتان بگرم لەسەر جەرگی بڕاومی دانێم. دایە و بابە با ئەمجارەش بێمەوە ناو دڵی گەرم و پشتی بەرەوپیربوونتان.

من هاتوومەوە ڕاسپاردەی "بەیان" و ئاسۆ"م پێیە. سڵاوم بۆکاکسدیق و دوکتور جەعفەریش پێیە، بۆخۆشم بیرم کردوون.

زۆر دەمێکە کایەم کەگەل نەکردوون و ئەوان قژیان ڕانەکێشاوم و منیش کڵاوو جامانەکەم لێ تێکنەداون. لەبری "ئاسۆ" و "بەیان" ئەمجارە من لەداوێنی "گۆیژەوە"، لەڕووبوڕووی "سولیمانی" وەک جاران، وەک "شینکاوێ"، وەک "بۆتێ"، وەک "دۆڵەڕەقە"و ناو ئۆردوگاکان هەر لەگەڵیان دەبم.

ئەمجارە من لەبری هەمووتان دەچم بۆلایان و بۆیان پێدەکەنم و هەواڵی ئێوەیان بۆدەبەم. من هەر لەوێ دەبم با ئێوە یەکترتان قەت لەبیرنەچێ. با ئاواتی هەموو دایەکان بەزایە نەچێ.

ئەحمد بەهرامی"تورجان"
٢٠٠٤/٠٤/١٢